# ئاسایشی نەتەوەیی و ڕەخنەی ڕۆشنبیران !!



ئەحمەد میراودەلی
mirawdaly@hotmail.com
MOHAMMAD5453@rogers.com

کوردیش وەکوهەموو باقیمەندی گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوین, نامۆیە بە پڕاکتیزەی دیموکڕاسی و ئەو هزرە ڕۆژئاواییەی کە پێیدەڵێن (سپۆرتیڤ) یان شۆرەسوار (کاڤالێر) یەی تێدا نیە, و ناتوانێ دۆڕان قبول بکات. سەرانی یەکیەتی و پارتیش کە ئامادەنین واز لە دەسەڵات بهێنن ئامادەش نین لە ڕژێمێکی کەمینەدا(ماینۆڕەتی) کار بکەن. زۆر لە نوسەران لەمەوبەر ئامێژەیان بۆ ئەو ڕاستیە بەڵگە نەویستە کردوە. کەواتە ئامادە نەبوونی هەردوولا بۆ هەڵبژاردنێکی دیمۆکڕاسیانە دەیانگەیەنێتەوە ئاستی سەنگەر لە یەکدی گرتن.

هەر ئەمەشە بەزۆری, هەردوولای گەیاندۆتە یەکدی بە یەك لیست لە هەڵبژاردنەکانی کوردوستاندا دابەزن. دیارە ئەمە ئیفلیجکردنی پرۆسەی دیمۆکڕاسییە لە هەڵبژاردندا, و ئەنجامەکەشی لەباربردنی هاتنە کایەی ڕژیمێکی دیمۆکڕاتە لە باشوری کوردوستاندا و درێژەدەری مانەوەی هەردوو دەسەڵاتەکەی هەولێر و سلێمانیە. بۆیەشە ئەو لیستە بۆتە مایەی نیگەرانی زۆر دڵسۆزانی وولآت و نەتەوە.

بەش بەحاڵی خۆم کە بەردەوام ڕەخنەم لە ڕامیاری دەرەکی و نێوخۆی یەکیەتی و پارتی گرتوە, و زۆر کاتیش زەق دژیانم نوسیوە . لێرەشدا مەبەستم مەدحوسەنای سەرکردایەتیەکانیان نیە وەلێ نیگەران نیم بەو لیستە. بۆ یەکەم جاریش دەستخوشکەرانەیان لێدەکەم و دەڵێم بۆ هەرمەبەستێك و نیازیك بێ, لە زانین یا لەنەزانیەوە بووبێت, کارێکی باشە بۆ کورد. ئاشکرایە ڕیزەکانی هەردوو پارتەکە پڕە لە کۆنە جاش وکۆنە بەعسی و کەسانی هەلپەرست و سیخوڕی هەموو وولاتانی دەوروبەر و...هتد. لە هەڵبژاردنێکی ئاسیی و دیموکڕاسیانەدا, لایەکیان زورینەی دەنگ دێنی وئەمەش فتیلی شەڕی ناوخۆ هەڵدەکا, هەرچەندە سەرکردایەتی لایەنی دووهەم ڕازیشبێت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکە. یەك لیستی, پیشەکی و پیش هەمووشتێك بەربەستی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە براکوژیە دەکا, کە بە دەسیسەی تۆڕە سیخوڕیەکانی دژ بە کورد فتیلەکەی دادەگیرسێ و کوژانەوەشی هەر لەدەست ئەوانەدادەبێ کە هەڵیانگیرساندوە. لەو حالەتەشدا نەك هەر بەهەزاران لاوی کورد دەبنە سووتەمەنی کێڕانی ئاشی شەر, بەڵکو خاکەکەشمان لەدەست دەدەین.

ئەگەر لیستی پارتی ویەکیەتی لە دۆخێکی وەها ئالۆزدا نەبوایە, بە واتای ئەگەر هەڵبژاردنەکان تەنها لەسەر ئاستی کوردوستادا بوونایە و لە سەردەمی دروستکردنەوەی ئێڕاقدا نەبوایە, منیش وەکو هەموو دڵسۆزانی خاك و نەتەوەکەم نیگەران دەبووم.

زۆر گرنگە و دەبێ هەر کوردێك هەڵوێستی جیاوازی هەبێ بەرانبەر هەڵبژاردنەکانی ئێڕاق و کوردوستان. هەموو کوردێك کە سەربەخۆیی کوردوستان ئامانجی بێ, دەبێ دژی دەنگدانبێ لە هەڵبژاردنەکانی ئێڕاقدا, لەبەر ئەوەی سەروەری عەرەب دەگێڕێتەوە سەر کوردان و باشوری کوردوستانیش دەکاتەوە خاکی عەرەب. بەشداریکردنی کورد لەهەڵبژاردنەکانی ئێڕاقدا شەرعییەت دەداتەوە بە ئێڕاقی نوێ, ئێڕاقێك کە پوشێکیشی تێدا نیە بۆ کورد ودەمانگێڕیتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی بیستەکان و سەرلەنوێ تێهەڵچونەوە لە نوکەوە هەتا دەگەینەوە ئەنفال و کیمیاباران و چی وچی و.....هتد.

دەنگنەدانی کورد دۆزێکی پێچەوانە دەرەخسێنێ, شەرعیەتی دروستبونەوەی ئێڕاق ئیفلیج دەکا, لەبەر ئەوەی زۆر لە عەرەبە سوننە نەتەوەییەکان و ئیسلامە تیژڕەو و تێرۆڕیستەکانیش (بۆیکۆت) ی هەڵبژاردنەکان دەکەن و هەموو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بایەخی نێودەوڵەتی لە دەست دەدەن.

ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەشەوە, بێ بەشداری سوونە توندڕەوەکان, ئەو ڕێژانەی (یوئێن) دایناون بۆ هەر سێ لایەنی شیعە و سوونەی عەرەب و کورد تیکدەدا. بە پێی ئەو ووتارەی (پیتەر دەبلیوگالبرایت) سەفیری کۆنی ئەمەریکای لە کرۆوێشا کە لە لۆس ئانجلێس تایمس دا بڵاوی کردۆتەوەو, داوا لە سەرۆك بوش دەکا هەڵبژاردنەکان دوا بخا ئەگەر دەیەوێ سەرگرێ ! !. بەپێی ئەو ووتارە شیعەکان بە ڕێژەی 65٪ ی کورسیەکان دەبەن کە دەبا 55٪ بایە و کورد بە ڕێژەی 25٪ دەبا کە دەبا 20٪ بایە و سوونەی عەرەب تەنها 5٪ دەبا کە دەبوایە 20٪ بوایە.

ئەمەش دەنگی زۆرینەی ئێڕاقیان, کوردیش وەکو بەشێك لە ئێراقیان دەسەلمێنێ و ئەگەر پرۆسەی دیمۆکڕاسی بە لایەنە نێگاتیڤەکانیەوە پەسەند بکەین, ئەوا دەبێ حوکمی ئایەتوڵڵاکان بخەینە سەر سەر. کورد دوو ڕێگەی هەیە ڕەچاویکات. یەکەمیان بەشدارنەبوون لە هەڵبژاردنەکانی ئێڕقدایە کە بە تەنیاباڵی دەتوانێ شەرعییەتی دەوڵەتی ئێڕاق پووچکاتەوە.

دووهەمیان بە پێچەوانەی خواستی سەرکردایەتی کوردەوە کە دەیەوێ هەڵبژاردنەکان دوابخات, پاڵنێ بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا کە ویستی ( جۆرج دەبلیو بوشی) سەرۆکی ئەمەریکایە. بەڵام سەرناگرێ, دەبێ دڵنیابین لەوەی لایەنە عەرەبیەکانیش کە زیاتر مەبەستم شیعەو سوننەیە دۆڕان قبوڵ ناکەن. بە واتایەکی دی کورد دەبێ هەوڵی سەرنەگرتنی هەڵبژاردنەکان بدا بێ ئەوەی خۆی پیاوخراپ بکات.

ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ئەمڕۆی کورد, بەلای منەوە زۆر گرنگترە (national security) لە چەسپاندنی سیستێمێکی دیمۆکرات. ئێمە دەبێ ڕیالیستانە لە گرفتەکان نزیککبینەوە, ڕیالیستیش لێرەدا ئەوەیە کە نابێ بەتەمای دیمۆکڕاتیزەی کوردوستانبین لەم ئەزموونەی ئێستای ناوچەکەو کوردوستانیشدا.

سیستێمێکی دیمۆکرات بەم زوانە نەلە کوردوستان و نە لە ئێراقدا ناخوڵقێ. جا کەئێمە وەکو نەتەوە بوونمان نەبێ تەزبیحاتی دیموکراسی چ دادمان دەدا !!

بۆیە من لە هەنگاوی یەکلیستەی پارتی و یەکیەتی پشتگیری دەکەم .

دیمۆکراتیش وەك میوەیەکە لەسەردەمی خۆیدا پێدەگا و بە کاڵوکرچی ناخورێ.

کەنەدا/2004/12/12